www.xebat.net
پێنج شەمە 2018/5/17 ژمارە (5513)
خەبات



جەعفەر شنگالی:

پارتی زۆربەی دەنگی ئاوارەکان بەدەست دەهێنێت

بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شنگال رایگەیاند، پارتی زۆربەی دەنگی ئاوارەکان بەدەست دەهێنیت. جەعفەر شنگالی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی گوتی: ئێستا دەست بە جوداکردنی دەنگی ئاوارەکان کردووە و بەپێی زانیارییەکانی ئێمە پارتی زۆربەی زۆری دەنگی ئاوارەکان بەدەست دەهێنیت، چونکە خەڵک بڕوای بە پارتییە دەنگیان داوەتێ. گوتیشی: بەپێی زانیاری و داتەکانمان پارتی زیاتر لە 70% دەنگی ئاوارەکان بەدەست دەهێنێت و نازانین چەند کاندید لە لقی شنگال سەردەکەون، چونکە دەنگی ئاوارەکان هاوسەنگی دەنگەکان دەگۆڕدرێت و بەڵام بە دڵنیاییەوە دەنگی پارتی زیاتر دەبن. بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شنگال گوتیشی: ئێمە لە لقی شنگال 31 کاندیدمان هەبووە. لەبارەی دەنگی پارتی لە نێو شنگالیش، شنگالی دەڵێت، حەشدی شەعبی زۆر گوشار لە خەڵکی شنگال کردووە و رێگەی بە کاندیدەکانیشمان نەدەدا بانگەشەی خۆیان لە شنگال بکەن، کەچی پارتی لەنێو دەسەڵاتی حەشدی شەعبیشدا دەنگی هێناوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی لێقەوماوانی سەر چیای شنگال دەکات



دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی ئاوارەکانی سەر چیای شنگال دەکات دوای ئەوەی بە هۆی ڕووداوە سروشتییەکانەوە بە سەدان مالّیان تێکچوو، دەزگای بارزانی بانگەوازی کرد، بەڵام تەنیا کونسوڵخانەی کوێت بەدەم ئەو بانگەوازە هات. دوابەدوای ئەو ڕووداوە سرووشتییەی لەسەر چیای شنگال (کەمپی سەردەشت) ڕوویدا و بەهۆیەوە بەسەدان خێزان مالّوحاڵیان تێکچوو و لە بارودۆخێکی خراپی ژیاندا دەژیان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە میانی دەرکردنی بەیاننامەیەکدا داوای گەیاندنی هاوکاری بەپەلەی بۆ ئاوارەکانی سەر چیای شنگال و بەسەر لێقەوماوانی لافاوەکەی سەر چیاکەدا دابەشی کرد، کە ژمارەیان نزیکەی 500 خێزان بوون، ئەو پێداویستییانەی دابەشکران پێکهاتبوون لە: کوردستان بەدەم بانگەوازەکەی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە هات و ئامادەیی نیشاندا هاوکاریی ئاوارەکانی سەر چیا بکات. بەگوێرەی مالپەڕی پارتی، دەزگای خێرخوازیی بارزانی دوێنێ چوارشەمە 2018/5/16 کاروانێکی پڕ لە هاوکاریی خۆراک و پێداویستیی ناومالّی گەیاندە سەر چیای شنگال و بەسەر لێقەوماوانی سەر چیاکە دابەشکران. پارسێلی خۆراک: 1000 کارتۆن، هەروەها دۆشەک 1000 دانە، 2000 دانەش لە بەتانی، 1000 دانە سێت مەتبەخ.




دیندار دۆسکی:

وڵاتان داوای حکوومەتێک دەکەن هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن

سیاسەتمەداری کورد، دیندار دۆسکی دەڵێت، وڵاتان داوای حکوومەتێک دەکەن هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن، بۆیە حکوومەتی داهاتوو پێویستە بنکەفراوان بێت. دۆسکی گوتیشی: پێویستە ئەمجارە کورد بە جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بکات، کە هاوپەیمانەتییەک دروستبکرێت و تێیدا داواکاریی کورد جێبەجێبکرێت، بە تایبەت فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: هەموو کات حکوومەتی عێراق بە چەند لایەنێک پێکهێنداوە و هاوپەیمانی دروستبووە، بەڵام ئەمجارە حکوومەتی عێراق لە نێوان ڕەوتی سەدر و لیستی نەسر دروستدەکرێت، بۆیە ئەوانیش بۆ حکوومەت داوا لە سونە و کوردیش دەکەن، چونکە وڵاتان داوای حکوومەتێک دەکەن هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن، بۆیە حکوومەتی داهاتوو پێویستە بنکەفراوان بێت. دۆسکی گوتیشی: پێویستە ئەمجارە کورد بە جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بکات، کە هاوپەیمانەتییەک دروستبکرێت و تێیدا داواکاریی کورد جێبەجێبکرێت، بە تایبەت مافەکانی کورد وەکو ماددەی 140 و بودجە و مافەکانی دیکە. ئەو سیاسەتمەدارە دەشڵێت: گرنگە کورد لە بەغدا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پۆست و مافیش بدات، چونکە پۆستیش دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی بتوانێت مافەکانی کورد لەو ڕێگایەوە بەدەست بێنێت، بەڵام پۆست نەبێتە هۆی ململانێ و مافەکان بکەینە قوربانی، بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە کورد دەست بە دانوستان بکات و کات نەکوژێت، بۆ ئەوەی بزانین کە حکوومەتی داهاتوو چۆن دەبێت و بە چ شێوەیەک دروستدەکرێت و کێ ئامادەی جێبەجێکردنی مافی کورد دەبێت.

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی شاری دهۆک و قەزای زاخۆی کرد



سەرلەبەیانیی ڕۆژی 2018/5/14 شاندی پەرلەمان سەردانی دەروازەی سنووریی (ئیبراهیم خەلیل)یان کرد و لەوێ لە لایەن بەرپرسی دەروازەکە و بەڕێوەبەری گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە پێشوازییان لێکرا و لە کۆبوونەوەیەکدا جەخت لەسەر گرنگیی بەرەوپێشەوەچوونی جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەروازە سنوورییەکان کرایەوە. هەر لەسەردانەکەیاندا شاندی پەرلەمان سەردانی ئۆفیسی کۆمپانیای (نیو ستاندارد)ی کرد کە ڕاسپێردراوە بە پشکنین و کۆنترۆڵکردنی جۆری لە ڕێگەی تێستکردنی هەموو بابەتێکی بازرگانی، هەروەها بەیاوەری بەرپرسانی بازگەکە سەردانی بەشە کارگێڕی و هونەرییەکانی بازگەکەیان کرد بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی جموجۆڵی بازرگانی و ڕایەکردنی کاروباری هاووڵاتییان. دواتر شاندەکەی پەرلەمان بۆ هەمان مەبەست سەردانی (دەروازەی فیشخابوور)یان کرد و باس لە جموجۆڵی بازرگانی و چۆنیەتیی گواستنەوەی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ ئاوارە و لێقەوماوانی وڵاتی سووریا لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان و گواستنەوەی بەرهەمەکان و کالا و شتومەک کرا. لە ڕۆژی دووەمی سەردانەکەیاندا سەرلەبەیانیی ڕۆژی 2018/5/15 شاندەکەی پەرلەمان سەردانی قایمقامییەتی قەزای دهۆک یان کرد و باس لە کۆمەڵێک پرسی گرنگ کرا کە پەیوەست بوون بە پاراستنی مافی هاووڵاتییانی بەکاربەر و هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگیی پێداچوونەوە بە یاساو ڕێنماییەکان کرد کە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەموار بکرێنەوە. دواتر شاندەکەی پەرلەمان سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دهۆک-یان کرد و باس لە گرنگیی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان کرا، هەروەها ئاماژە بە کۆمەڵێک پێشنیاز سەبارەت بە دەرکردنی ژمارەیەک یاسا و جێبەجێکردنی لە لایەن هەرێمیەوە درا، وەک یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، هەروەها بەرکارکردنی ژمارەیەک یاسا کە پێویستە لە کوردستان جێبەجێبکرێن، وەک یاسای ڕێکخستنی بازرگانی. هەر لە درێژەی سەردانەکەیاندا، شاندەکەی پەرلەمان سەردانی ئەنجوومەنی شارەوانیی دهۆکیان کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنەکە باس لە پێویستیی دەرکردنی یاسا و بڕیاری پێویست بە خانەنشینکردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی کە بەپێی یاسای شارەوانییەکان بۆ ماوەی 4 ساڵ هەڵبژێردران.

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان: لە کەرکووک هەڕەشە لە کارمەندانی کۆمیسیۆن دەکرێت

سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، لە کەرکووک هەڕەشە لە کارمەندانی کۆمیسیۆن دەکرێت. دەشڵێت: هیچ بەهانەیەک بۆ بەدەست هەژمارکردنەوەی دەنگەکان نییە .بەگوێرەی مالپەڕی ڕووداو، ریاز بەدران، سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن لە کۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاندووە: لە کەرکووک هەڕەشە لە کارمەندانی کۆمیسیۆن دەکرێت، داوا لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکەین، کارمەندانی کۆمیسیۆن لە هەڕەشەکان بپارێزێت. لەسەر ئاستی عێراق هاوپەیمانی سائیروون، بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت. هاوپەیمانی فەتح، بە سەرۆکایەتیی هادی عامری، کە زۆرینەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەخۆیدەگرێت پلەی دووەمی بەدەستهێناوە. هاوپەیمانی نەسری حەیدەر عەبادیش پلەی سێیەم، لەسەر ئاستی باشووری کوردستانیش پارتی دیموکراتی کوردستان هێزی یەکەمە.

هێزەر ناوێرت:

پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق متمانە پێکراوە

K24 :ئەمەریکا پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق بە پرۆسەیەکی ئارام و سەقامگیر ناو دەبات و ئاشکرای دەکات، چاودێرە نێودەوڵەتییەکان پێیان ڕاگەیاندوون کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان متمانە پێکراوبوون. بەگوێرەی کوردستان 24 هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، کە ئەوان دەزانن موقتەدا سەدر، کێیە و باکگراوندی چۆن بووە، بەڵام ئەوان نایانەوێت پێش ڕووداوەکان بکەون و قسە لەسەر ئەوە بکەن کێ حکوومەتی داهاتووی عێراق پێکدێنێت. هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گوتیشی: ئێمە دەزانین موقتەدا سەدر کێشیە و باکگراوندی چی بووە، بەڵام دەزانین کاندیدی هەبووە و ئێستا هێشتا ئەنجامەکان بە تەواوەتی یەکلانەبونەتەوە و ئەگەری پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوپەیمانیش هەیە، بەڵام من نامەوێت پێش ڕووداوەکان بکەوم. لەبارەی هەژموونی ئێرانەوە، ئێمە بڕوای تەواومان بە حکوومەتی عێراقی هەیە و نیگەرانیمان بەرامبەر دەستێوەردانەکانی ئێران لە زۆر وڵات هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر کەسێک پێشڕەوی حکوومەتی عێراقی بکات ئێمە بڕوامان پێیەتی. گوتیشی: سەبارەت بە ئەگەر ساختەکاریش کۆمیسیۆن ڕایگەیاندووە کە لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە دەکات و ئەو چاودێرە ناوخۆیی و بیانیانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون، پێیان ڕاگەیاندووین کە پرۆسەکە متمانەپێکراو بووە.

سەدر: حکوومەتی داهاتوو دوور لە پشکپشکێنەی حزبی و لایەنەکان دەبێت



ڕێبەری ڕەوتی سەدر کە لیستەکەی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، ڕایگەیاند کە حکوومەتی داهاتوو تەکنۆکرات دەبێت و دوور لە پشکپشکێنەی حزبی و لایەنەکان دەبێت. بەگوێرەی کوردستان تیڤی، موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕایگەیاندووە: حکوومەت تێکەڵەی عەتار نییە، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە حکوومەت لەسەر بنەمای پشک پشکێنەی حزبی دروست ناکات. هاوپەیمانی سائیروون لە هەڵبژاردنی ڕۆژی 2018/5/12 زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە و لە پاش ئەویش هاوپەیمانی فەتح دێت و لیستەکەی عەبادیش لە پلەی سێیەمدایە. هەرچەندە بەرپرسانی سائیروون دەڵێن چاویان لە پۆستی سەرۆکوەزیران نییە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەت دەبێت بە مەرجی سەدر دروست بکرێت.